# تەنها نەبووم لە نیشتیمان

ئیسماعیل کەریم- ئەڵمانیا

..ئەزیزی من ئەها ڕەنگم...!!!
وەک خۆرئاوای
بێ سۆراخی
ئێوارانت زەرد هەڵگەرا.!!!
ئەها هەموو خۆشی تەمەن
لە تاوو دووریت
بۆ دووری تۆ
بە ـبا- کرا.!!!
تۆ چاوێکەو بنواڕە دوورررررررررر
دوورررررررررررر بنواڕە
گوڵە ژاکاوەیی ئەوینت
پاش ساڵانی لێک دابڕان
لە ناخمدا چرۆ دەکات،،،
هەرگیز خەم لەمن نەگەڕا
چما کەی خەم لێم گەڕاوە
تا قسەی دڵی بێ دەنگی
خۆمت بۆ بگێڕمەوە.
تا ئەوینی ڕابردومان
عیشقی پاکی ئینسانیمان
لە شێعرێکدا کۆکەمەوە،
ژانی بێ تۆی وو نیشتیمان
لە نێو خەتی چرچوو لۆچی
دەم و چاووم
لە تاڵی سپی سەرمدا
بهۆنمەوە..،،
ڕۆژانێک بوو کە نیشتیمان
پاک بوو
دووررررررررررر بوو
لە چاووی شەڕ
لە ژوانی پەنا دارێک
بارانی عەشق
سەوزە ئەوینی دەوەن مانی
دەکرد تەڕ..،،
ئەو ساتانە هەتوانێک بوین
بۆ زامەکان
خەندەیەک بوین
بۆ لێوەکان
خۆری عەشق بوین
بۆ گوڵە بەڕۆژەی دڵداران...
وەلێ هەی هات.. هەی هات
لەم غوربەتا
سۆزی دوریت دەم سوتێنێ
سۆمای چاوانم دا نایەت
هەتاکوو بەم دوو چاوەی خۆم
چاوت بکەم
لە خەرمانی یادەکانتا
شەنی یادگاریەکان بکەم
لێرە کانێ
ڕێگەی غووربەتی تەی دەکەم
لە گەڕەک وو

له شەقامی نامۆیدا
بە شوێن سێبەرت دەکەوم
بەو خۆزگەیەی
پشکۆی هەناوو خامۆش بکەم..،،
ژیان گەلێک ساردە لێرە
هۆ گوڵە گیان
پشکۆی خۆشەوویستی خامۆش
دەڵێی کۆتای دونیایە.
زۆر ئەستەمە ئەم دەرونەم
لە گزنگی خۆری بەیان
لە مەجلیسی گەرمی یاران
لە کۆڕوو زیکری عاشقان
لە خۆشەوویستی وو ئەوینی
تۆوو نیشتیمان
بیگۆڕم بۆم تەنهایە.!!!
تەنها نەبووم لە نەشتیمان هەناسەکەم
وەک تەنهایی
ئەم کووکوختیە لەم هەوارە
ڕێگەی عەشقم
بێ ساباتی ئەوین نەبوو
وەک تەنهایی ئەم ئێستاکەم
لەم هەورە
گوڵە خان گیان